کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

**<u>ڕاگەیاندنی ژمارە ٢٠ی سکرتاریەتی کۆمەڵە</u>**

# فەرماندەی هێزی ئینتزامی، بە جێی داوای لێبوردن ، خەڵکی کوردستانی تاوانبار کرد

سەردار ئیسماعیلی ئەحمەدی موقەددەم، فەرماندەی نوێی هێزی ئینتزامی کۆماری ئیسلامی، بە جێی داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بە هۆی جنایەت و توند و تیژییەکانی هێزی ئینتزامی، خەڵکی کوردستانی بە تاوانبار ناوبرد. ناوبراو دوێنێ لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی " جامجم" ئەم قسانەی کرد. بە پێی ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی "جامجم" ئەحمەدی موقەددەم پشتیوانی لە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی هێزی ئینتزامی لەحاست شوانەی سەید قادر لە مەهاباد کردووە کە بووە هۆی بریندار بوون و ئەشکەنجەی دڕەندانە و سەرەنجام کوژرانی ناوبراو، ئەمەی بە ڕووداوێکی ئاسایی زانیوە کە گۆیا لە ئاکامی هەوڵدان بۆ گرتنی شەڕلاتانێکدا ڕوویداوە. ناوبراو ڕووداوەکانی کوردستانی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە توند و تیژییەکانی هێزی ئینتزامی بە "پیلانی گرووهەکە زیددی ئینقلابەکان" ناوبرد کە بە دژکردەوەی جیددی هێزە ئینتزامییەکان و هاوکاری ئۆرگانەکانیتری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کراوەتەوە. ئەحمەدی موقەددەم هەروەها، مانگرتنە گشتی و بەرینەکانی شارەکانی کوردستان و، خۆپیشاندانە ناڕەزاییەکانی جەماوەری کوردستانی کە لە لایەن هێزی ئینتزامی و باقی ئۆرگانە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیەوە شەلاڵی خوێن کراوە، بە درۆ و دەلەسە و قسەی هەڵبەستراو ناوبرد.

وتەکانی فەرماندەی هێزی ئینتزامی کۆماری ئیسلامی لە سەلماندنی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە مەهاباد و سەقز و شارەکانیتری کوردستان، ڕێك ئیددعای ئێمە بە تەواوەتی دەسەلمێنێتەوە کە زۆر جار وتوومانە، هێزی ئینتزامی لە کوردستان بۆ تەقە کردن لە خەڵك، لە لایەن گەورە کاربەدەستانی حکوومەتیەوە ئیزنیان پێدراوە. بەڵام بۆ دڵنیا کردنی فەرماندەی هێزی ئینتزامی و کەسانی سەرەوەتری خۆی، پێی دەڵێین کە درۆ و دەلەسە و هەڕەشە و گوڕەشە و چەقۆ کێشیەکانی ئەو و هاوکارانی ناتوانێ کەس فریو بدات و کەسیش بترسێنێ. خەڵکی کوردستان بە یەکگرتووی و هاوپشتی خۆیان، سەرەنجام توانییان پەردەی بێدەنگی لەسەر جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بدڕن و دەنگی خۆیان بە گوێی خەڵکی ئێران و جیهان بگەێنن و لەمەوبەدواش لە بەرانبەر سەرەڕۆیی و جنایەتەکانی ئەم ڕژیمەدا بێدەنگ نابن.

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**٢٠ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی**

**١١ی ئاگۆستی ٢٠٠٥ی زایینی**

www.komala.org
Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)٣١٥٠٢٨٩**
Tel: **(0044704)٣١٦٠٧٥٢**
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**